www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-11-2006 13:09

# زانکۆ لە بەردەم مەعریفەی کۆمەڵایەتی و کارایی زانستی ... زەکەریا مەحمود

زۆر دەوترێت و دەنوسرێت دەربارەی زانکۆ یەکێك لە پێگە هەرە گرنگەکانی پەروەردەی تاکی پسپۆر لە بوارە کۆمەڵایەتی و زانستیەکان هەر دەم دەکەوێتە بە رەخنە لە لایەن کەسانی ناو زانکۆ کەسانی دەرەوەی زانکۆ، ئەمرۆ دوای چەندین ساڵ لە سەربەخۆیی خوێندن لە کوردستانی باشوور بەداخەوە تا ئێستا نەتوانراوە ئەو کێشانەی کە دێنە بەردەم پرۆسەی خوێندن چارەسەر بکرێت. زانکۆ وەك لوتکەی هەرەمی پرۆسەی خوێندن تا ئەندازەیەك سنوردار لە کار و بەرنامە و پێگەی جوگرافی و سەرەرای بوونی چەندین کەسی پسپۆر لەو ناوەندە ئەکادیمیە نەیتوانیوە تا ئێستا خۆی لەو هەموو رەخنانە دەرباز بکات کە لە بواری نا کارایی زانکۆ لە دروست کردنی گۆرانکاری.

زانکۆ وەك ناوەندێکی ئەکادمی بۆ پەروەردەکردنی تاك لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە، یەکەم ماموستایانی زانکۆ و دووەم خوێندکار یان بە واتایەکی تر زانست دەر و زانست وەرگر ئەو دوو بەشەی کە هەر یەك تەواو کەری یەکترن ئەمەش سەرەرای

ستافی بەرێوەبردنی زانکۆ کە هەر یەك لەم ئەنجام کەم تا زۆر کەمتەرخەم بوون بە داخەوە. ئەو رەخنانەی کە رووبەروی زانکۆ دەبنەوە لە لای رای گشتی بە سەر تەنها خوێندکارانی زانکۆ یان دەرچوانی زانکۆ دا ئەشکێتەوە و لەم ناوەندەدا ماموستایان و بەرێزوبەرانی زانکۆ تا ئەندازەیەك لەم مەسەلەیەدا لە پشتی پەردەوەن. زانکۆ دوای چەندین ساڵ لە پەروەردە کردنی پسپۆر بەداخەوە هێشتا هەست کردن بە بوونی کۆمەڵگایەکی مەعریفی و زانستی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەست پێدەکرێت کە ئەمەش دوور تا نزیك زانکۆ وەك ناوەندی پەروەردە کردنی تاکی پسپۆر دەچێتە ژێر پرسیارێکی مێژوویی و بەرپرس دەبێت بەرامبەر بەو کۆمەڵگایە. زانکۆی کوردی سەرەرای نەتوانینی لە دروست کردنی گۆرانکاری لە کۆمەڵگای کوردی هەر وەها نەیتوانیوە بە ئەندازەی پێویست گۆرانکاری لە بەشداربوانی باو زانکۆش بکات، ئەویش بە کاریگەری چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوەکی کە هۆکارە دەرەکیەکان بە شێوازێکی گشتگیر کاریگەری لە سەر رەوتی پەروەردەی ناو زانکۆهەبووە.

وەك ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەی گەشە نەسەندووی کۆمەڵایەتیە یان بە زمانی باو کۆمەڵگایەکی عەشایەرە، ئەم هۆکارەش خۆی خۆی دەرئەنجامی چەندین فاکتەر و هۆکاری ترە کە مەبەستی باسەکەی ئێمە نیە و کاریگەریەکی زۆری بوە لە سەر پەروەردە کردنی تاك تا پێش زانکۆ، تاکی کوردی لە سەر بنەمای نەگۆری دەروات نەك ببێتە جێگەی توانجی کۆمەڵایەتی و هەر ئەم هۆکارەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی کە ئەو تاکە نەتوانێت بە سانایی ئەو گۆرانکاریە لە خۆیدا بەرجەستە بکات. ئەمە لە لایەك هەر وەها نەبوونی میتۆدێکی جیاوازی مەعریفی و زانستی نوی لە زانکۆدا لە لایەکی ترەوە دوالیزمەیەکی وەکیەکی لە خوێندکاری زانکۆدا دروست دەکات کە لە لایەکەوە ناوەندێکی مەعریفیە بەڵام لە سەر هەمان بنەماکانی دەرەوەی زانکۆ، خوێندکار ئەگەر هەوڵیش بدات بۆ گۆران ئەوکات هیچ نمونەیەکی نوێ نادۆزێتەوە کە پەیرەوی بکات. هەرچەند لە رووی رەواڵەتەوە چەندین گۆرانکاری بەدی دەکات بەڵام دواجار ئەو گۆرانانە وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی دێتە بەرچاو و لە مامەڵە کردندا هەمان دیوی یەکەمە کە باسمان لێوە کرد. کاتێك خوێندکار بە هەموو حەزێکی مەعریفی و زانستی بە هیوایەکی گۆرانکاری روو لە زانکۆ دەکات لە لایەن گەنجەکانی سەر کۆڵنەکەی خۆیان بەڵام لە زانکۆدا بە قیقیق پێشوازیان لێدەکەن، هەندێیان خۆشحاڵدەبن لەوەی کە ئیدی پێویستی بە گۆران نیە ئەوانیش وەك ئەوان وان و هیچ گۆرانکاریەکیان لەسەر دروست نەبووە، هەندێکی تریان پر بە شەوە نەخەوتوەکانیان لە پۆلی شەشەمدا هەست بە پەشیمانی دەکات کە ئەو ناوەندەی کە ئەو هەوڵی بۆ ئەدا وابووە. تاکێکی پەروەردەکراو لە لایەن کۆمەڵگایەك بەو پێناسەی

سەرەوە دێتە زانکۆ یەك کە هەمان کۆمەڵگای دەرەوەیە و بەلاّم زانکۆ کۆمەڵگایەکی بچوکراوەیە، زانکۆ ناتوانێت تەنانەت پەیوەندی دروست کۆمەلاّیەتی لە سەر بنەمای رێز فێری بەشدار بوانی بکات. بەلاّم زانکۆ کێیە؟ زانکۆ ئەو سی بەشە بوون کە باسی بەشێکیمان کرد، بەشی دووەم مامۆستایانی زانکۆ کە ئەوانیش وەك ئەوەی سوێندیان خواردبێت کە ئەبێت هەمان ئەو کەسانە بن کە لە دەرەوەی زانکۆن، بەداخەوە مامۆستایانی زانکۆ نەیانتوانیوە جیاوازی بکە لە نێوان ناوەو و دەرەوەی زانکۆ هەمان بورخوردیان هەیە لە ناو زانکۆ دا لە گەڵ خوێندکاراندا کە لە دەرەوە هەیانە بەرامبەر بە خەڵکی ئاسایی، هەر ئەم ماڵە نادروستە کاریگەری دروست دەکات لە سەر پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا کە ئەمەش بە داخە رۆژ بە رۆژ لە یەکیان دوور دەخاتەوە وەك دەبینین. دابرانی ئەم دوو پێکهاتەیەی زانکۆ دواجار کاریگەری دەکاتە سەر لایەنی مەعریفی ناو زانکۆ سەرەرای کاریگەری لە سەر بواری زانستی، کاتێك کە پەیوەندی مامۆستا و خوێندکار نەما ئەو کات پێچەوانەکی دروست دەبێت ئەویش دژایەتی کردنی یەکتر و ئەو کات مامۆستا نەك نا بێتە نموونەی مەعریفی خوێندکار بەڵکوو بە هەموو شێوازێك هەوڵ ئەدات رووبەرووی یەکتر ببنەوە تا ئەو رادەی کە هەر یەك هەڵ ئەدەن بەرامبەرەکەیان لابدەن کە ئەمیش چەندین جار ئەنجامی خراپی لێ کەوتوەتەوە.

پر چەك نەبوونی مامۆستایانی زانکۆ بە مەعریفەی گۆرانکار و زانستی نوێ لە لایەکی ترەوە بوەتە هۆی دروستبوونی کێشە گەلێك کە ئەنجامەکەی ئەمرۆ لە زانکۆ دا بەدی دەکرێت. هەمان لاوازی لە دروست کردنی پەیوەندیەکی دروست و نەبوونی زانیاریەکی تەواو لە بواری پسپۆری خۆیدا کارگەری ئەبێتە سەر خوێندکار و هەر ئەو دەبێتە جێگەی رەخنەی کۆمەڵگا و ناوەندی زانستی و ئەکادیمی کوردی، بەلاّم لێرە رۆڵ و کاریگەری مامۆستا وەك سەرچاوەی بەخشینی زانست دیار نیە. مامۆستایانی زانکۆ وەك لوتکەی زانستی لە هەر کۆمەڵگایەك دا دەبێت دەستپێشخەری گۆران و زانست بن بەلاّم بەداخەوە مامۆستایانی ئێمە تەنانەت بە دەگمەن لێیان دەردەکەوێت کە بتوانن کتێبێکیش وەرگێرن نەك بنوسن یان دراسەیەکی زانستی بکەن و بلاّو بکەنەوە. ئامانجی من لەم رەخنەیەی کە رووبەرووی مامۆستایانی زانکۆ دەکەمەوە لە دروست بوونی وەها زانکۆیەك کە کەس خۆی بە خاوەنی ئەو هەموو رەخنانە نازانێت کە لێرە و لەوێ لێی دەگیرێت و نەبوونی زانکۆیەك کە لە بەرامبەر کۆمەڵگای کوردی دا وەلاّمی ئەو داواکاریانە بداتەوە لێرە تەنها خودی مامۆستایانی زانکۆ بە پلەی یەکەم بەرپرسن پاشان کاربەدەستانی بەرێوەبردنی زانکۆ و دواجار خوێندکاران دێن لە دروست کردنی ئەم بارو دۆخە.

کەم تەرخەمی کاربەدەستانی زانکۆ ز خوێندنی بالاّی دەسەلاّتی کوردی بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی رابردوو بۆ گۆرانکاریەکی سەرەکی لە هەموو بنەماو پێکهاتەکانی زانکۆ لە گۆرینی مەنهەجی زانکۆ تا پێناسەیەکی نوی بۆ پەیوەندی لە ناو زانکۆ دا و دارشتنی پلانێکی مەعریفی گونجاو تا لە سەر ئەو بنەمایە بتوانرێت تاکێك دروست بکرێت کە ئەویش بتوانێت گۆران دروست بکات نەك نەتواننێت گۆران لە خۆیشیدا دروست بکات.

هەبوونی تاکێکی ئامادە بۆ وەرگرتی زانست و مەعریفە و نەبوونی ناوەندێك و کەسانێکی پسپۆر بو پێگەیاندنی ئەو کەسانە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت خودی ئەو تاکانە نەتوانن فێری چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ یەکتریابن سەر ئەنجام دوای ماوەیەکی زۆر لە بەرێکردنی کات و تەنها بە وەرگرتنی بروانامەیەکی رەمزی ئەو ناوەندە بە جێدەهێلێت و ئەویش دەبێتەوە بە بەشێك لە کۆماڵگایەی کە دەبوایە ئەو گۆرانیتیدا بکردایە و ئەو ناوەندەش بەردەوام دەبێت لەو پێگەیاندنە پسپۆرانەی خۆی و نایەوێت هیچ کات بیر لە گۆرانکاری بکاتەوە.

_سوید
zakaryamahmoodyahoo. com

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   26-11-2006 13:09